***توندوتیژیی لە کۆمەڵگای کوردستاندا لەلایان هەر گرووپ و تاقمێکەوە بێت مەحکوومە!***

ئەوەی کە ئەمڕۆ گرووپە پەڕگیرەکان (فۆندەمێنتالیستەکان) لە کوردستانی داگیرکراو دژ بە خەڵکی مەدەنی دیکەن، درێژەی هەمان سیاسەتە کە داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی بوونیان کردویانە و دەیکەن، ڕەنگە شێوەی توندوتیژیی گرووپ و تاقمەکان، نێو و جلوبەرگ و زمانیان ئەمڕۆ گۆڕا بێت، ئەوانی کە بە جلوبەرگی کوردیەوە بە ڕووالّەت ئۆپۆزیسیونی داگیرکەرانی کوردستانن، بەلّام دژ بە ژنان و خەلّکی رووناکبیر و ئازادیخوازی کوردستان تووندوتیژی بە کار دێنن، و هەرەشەش لەو کەسانە دەکەن کە پێیان وایە لە پەیرەوی ئیسلام لایانداوە، و مزگەوتەکان، کتێبخانەکان، مەیدانە گەورەکانی شار و تەنانەت زانکۆکانیان کردووە بە گۆڕەپانی رمبازێنی خۆیان.  دیارە لای خۆیان و لە مالّی خۆیان بە ڕووالّەت "خەباتێکی ڕەوا" دژی کۆماری ئیسلامیی دەکەن و، پێشیان وایە کە خەلّکی کوردستان ئاگاداری ئەوە نیین کە چوون کۆماری ئیسلامی ڕێگای بۆ ئاوەڵە کردوون،  هیچ کۆسپێک بۆ ئەو تووندوتیژیانەی کە ئەوان دژ بە بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد دیکەن، ناخریتە بەر پێیان.

لەم ملمەلانەیەدا، ئەمرۆدا دیارەکە دوژمنی دوژمنەکەم  دۆستی نەتەوەیی گەلی کوردستان نیە. دۆستی ژنان و کچانی کوردەواری نییە، بەڵکو داهێنەری دونیای کۆیلەتیی و خوڕافات و دواکەوتووین.  ئەوان بە کردەوە دوژمنی دوژمنەکەی کۆماری ئیسلامی ئێرانن.

ڕاستیەکەی ئەوەیە ئەم جیل ەدرەنگ لەدایک بوون، و بۆ ئەوەی کە تووشی دەڵەڕاوکێ نەبن لەخوێندنەوەی مێژوویش خۆیان دەپارێزن، چوون ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەوان دەیکەن نۆستالژی کردنەوەی دیکتاتۆرەکانی سەدەی بیستهەمە و تەنانەت پێش ئەوەیشە.

ئەوەی کە ئەوان دەیکەن و بەشێکی هەرە زۆریان لێی ئاگادار نین، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی بۆ مانەوەی خۆی سەروەت و سامانی ئێرانی،  خەرجی گەشە و پەرەستاندنی شیعەگەری لە وڵاتانی دەرەوە دەکات. ئەوەمان لەبیر نەچێت کەئەم شیعەگەرییە، ئایینی و بێلایەن نییە، بەڵکو سیاسییەو بۆ نموونە لە کوردستان بۆ ئەوە دەیکات تا شیعە مەزهەبەکانی کورد دژ بەنەتەوەی خۆی ببزوێنێت. واتە گەمەیەک دەکات کەئیمپراتۆری سەفەوی و عوسمانی بەشیعەمەزهەب و سوننەمەزهەبیان کردووەو سەرئەنجامەکەی ئەوەبوو کەکورد بێ دەوڵەت بمێنێتەوە، وڵاتانی عەرەبیش بۆ تۆڵەئەستنەوەیش بێت لە هەوڵ و تێکۆشاندان کە لە ڕێگای پروپاگەندەی وەهابیەوە قورسایی خۆیان لەسەر ئالۆگۆڕەکانی داهاتوو بۆ مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان مسۆگەر بکەن. هەر بۆیە لە نێو گەلێکی زەرەرلێکەوتوو و داگیرکراو وەکوو کوردیشدا ئەنسارالسلام، وەهابییەکان، ئیمام فەرزاوی سووریان و، لە داهاتووش دا ئیمامی زەمانەکانیشمان،  بۆ دروست دەکەن.!

ئامانج هێشتنەوەی کوردە لەبۆسەی مەزهەب و، دوورخستنەوەیەتی لەپێشکەوتووخوازیی و بیری دەوڵەت دامەزراندن.

پارتی سوسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەلات) دژی هەر جۆرە تووندوتیژییەکە و، پێمان وایە کە هەر مرۆڤێک ئازادە کە  ئاینی هەبێت یا نەبێت.  نابێت کەس بۆی هەبێت زەخت لە سەر کەسی تر بکات بۆ ئەوەی کە ئایدولۆژیەکی ئەو قبوڵ بکات یان پێشگیری لێ بکات،  یان پرسیاری لێ بکات و بیخاتەژێرفشارەوەو لێی

بپێچێتەوە کەبۆچی ئاینەکەی بەجێ هێشتووە. و لە ژێر چەتری ئەوەدا ژنان و کچانی کۆمەڵگای کوردەواریی بەرەو کۆیلەتی ببەنەوە.

پارتی سوسیالدیموکراتی کوردستان (رۆژهەلات) پارتێکە لە سەر بناخە و پرینسیپی دیموکراسیی، دیالۆگ و گفتوگۆی ئاشکرا دامەزراوە، سازان و ڕیفۆرم بەردی بناخەی هەوڵەکانی ئێمەن بۆ دامەرزاندنی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک.

ئێمە پێمان وایە دەکرێت یاسا و قانون لە کوردستان لە سەر بناخەی جیایی دین لە دەوڵەت دابەمەرزێت و، بەم جۆرە مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئێمەیشدا وەکوو کۆمەڵگا پێشکەوتووکانی جیهان لە ژێر زەخت و زۆری ئایدێئۆلۆژی توندڕەوانە ڕزگاری بێت. سازان و دیالۆگ، باوەڕ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتیبە بێ جیاوازی زمان و ئایین و ڕەنگی پێست بکەین بە بەردی بناخەی ژیانی خەڵکی کوردستان.

ئێمە لە پێڕەووپرۆگرامی پارتەکەماندا بە ڕوونی لە سەر ئامانجەکانی داهاتوومان دەدوێین و دەڵێین:

***"بڕگەی سێ: ئامانجەئاییندەییەکان***

- *"ئێمەسۆسیالیستی دیموکراتین و لەسەر ئەو ڕێبازە کار و خەبات لەپێناوی وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکدا لەکوردستان و جیهان دەکەین کەبەرابەریی، یەکسانیی، هاومافیی، هاونرخی و هاوئەرکیی مرۆڤەکان فەراهەم بکات. ئێمەوەکوو سۆسیالیستی دیموکرات بڕووامان بەپێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردن و پێکەوەگوزەراندنە، بڕووامان بەپلورالیزمی سیاسیی و فرەگەرایی و بیروبۆچوونی جیاوازە. ئێمەبۆ فەراهەمکردن و پاشان بۆ پێشخستن و بەرفراوانکردنی گۆرەپانێک بۆ دیالۆگ، بۆ پێکەوەدووان و پێکەوەڕاوێژکردن ساز دەکەین و دەمانەوێت ڕای گشتیی، دوور لەهەر جۆرەفشار و زۆربۆهێنانێک لەدەنگدانی ئازاددا لەبواری جیاوازدا، ئەڵتەرناتیڤی سیاسیی جودا هەڵبژێرێت. لەبەرئەوە لەو مانایەدا تاکەکەس بۆ ئێمەناوەندە. ئێمەکۆمەڵگایەکی فرەگەرای ڕەنگاورەنگی تەندروست(سالم) دەبەستینەوەبەتاکەکەسی هۆشیار و خودئاگاوە کەبتوانێت و بۆی هەبێت هەڵبژێرێت.*
- *ئێمەوەکوو سۆسیالیستی دیموکرات بڕووامان بەقاڵبی ئایدیۆلۆژیی بۆ ئاییندەی نادیار نییەو کاری سیاسیی دەکەین و بڕووامان بەخوێندنەوەی بەری دەست و شووشەی کریستاڵ و فاڵگرتنەوەنییە و نامانەوێت لە ئێستاوە سوێند لەسەر کۆمەڵگای پاشەڕۆژی دوور بخۆین، بەڵام هاوکات پێمان وایە پاشەڕۆژی دوور چەندیش دوور بێت ڕۆژ بەڕۆژ بەستراوە بە ئەمڕۆوە. ئەوی ئەمڕۆ کاری بۆ دەکەین بناخە و بەردەبازی کۆمەڵگای سبەینێمانە. لەبەرئەوە ئێمە هەر ئێستا ئا لەم کات و ساتەدا هەموو هەنگاوێک چەندیش بچووک بێت، هەموو ڕیفۆرمێک چەندیش بچووک و کەم بێتەبەرچاو، بەخێردەهێنین و بەخۆشیەوە ئامێزی بۆ دەکەینەوە. لەو ڕێگایەماندا بڕووامان بە کاری کاوەخۆ بەڵام دڵنیایە، بڕووامان بە لەسەرخۆ ڕۆینە، بەڵام بەدەستکەوتی دیارەوە، بڕووامان بەپێکەوەکار کردنە چونکەدەزانین دروستکردن و بنیاتنان کات و ویست و خواست و وزەی ئاراستەکراو دەخوازێت.*
- *لەبەرئەوەی ئێمەوەکوو سۆسیالیستدیموکرات باوەڕمان بەمرۆڤ و مرۆڤایەتیەو گوێ زەوی بەماڵی هەموو مرۆڤێک دەزانین، باوەجودی جیاوازیگەلیکی وەکوو ڕەنگ و وڵات و زمان و ئایین و جیاوازیی دیکە، ئینتەرناسیونالیستین و بۆ ئەوەهەوڵدەدەین مرۆڤ خاوەنی نان و کار و دڵنیایی و هاودەمیەکی گەرموگوڕ بێت. پێمان خۆشەو هەوڵدەدەین کە کوردستان بەشێکی ڕەنگاورەنگ و تەندروست(سالم) و دڵخۆشی ئەم جیهانەبێت و بەئەزموون و توانا و زانستی خۆی بەشداریی لەکاروانی پێشکەوتن و هاوکاریی نێونەتەوەییانەدا بکات. هاوکات ئامادەو دڵخۆشین کەکەڵک لەئەزموون و توانا و زانستی*

*مرۆڤەکانی دیکەی جیهان وەربگرین، جا ناویان هەرچییەکەو لەهەر بەشە جوگرافیایەکەوە هاتبن. لەو پێوەندیەدا ڕێز لەسنوورگەلێک ناگرین کەبەدەستی جۆرەکانی داگیرکەریی، دوور لەخواست و ویستی نەتەوەکان کێشراون و سەپێندراون، بەڵام لەنەزمی نێودەوڵەتییدا بڕووامان بەدۆخی ئەنارشیستیی نییە، بەڵکو بڕووامان بەکار و خەباتی ئاشتیانەو دیموکراسیانەیە بۆ ئەوەی خواست و ویست و ئارەزووی زۆربایەتی (زۆرینە) نەتەوەکان بسەپێنین. هیچ چارەسەرێکیش بەدواچارەسەر و بەتاکەچارەسەر نازانین، بەڵکو بڕووامان وایە کە زۆربەی زۆری چارەسەرەکان تەنها بەکات و شوێن و مرۆڤگەلێکی تایبەتی و دیاریکراوەوە پێوەستن. مرۆڤ و دۆخەکان هەمیشەلەگۆڕانکاریدان و لەبەرئەوە چارەسەر و خواستەکانیش دەشێت و دەبێت و پێویستەبگۆڕدرێن. هیچ گۆڕانکاریەکیش نابێت لەخودی مرۆڤەکان پیرۆزتر بێت. سیاسەتی سۆسیالیستدیموکراتیکی ئێمەلەسەر سێسوچکەی "مرۆڤ، تاکەکەس و کۆمەڵگا" بنیات نراوە. "مرۆڤ، تاکەکەس و کۆمەڵگا" بۆ ئێمەی سۆسیالیستدیموکرات ناوەندە.*

- *ئێمەوەک سۆسیالیستی دیموکرات بۆ کۆمەڵگایەک کار دەکەین کەلەسەداسەد پرنسیپی سیکۆلاریزم پەسەند بکات و جێگای هەموو جۆرەبیروباوەڕێکی ئایینی ئاسمانی و نائاسمانی تێدا بێتەوە، هاوکات کەهەریەکەو لەوان و هەر هەموویان بەشێک نەبن لەدەستەڵاتی سیاسیی. هەموو بیروباوەڕێکی ئایینی لەناو دڵی تاکەکەس و لەماڵی خۆدا پێڕەو بکرێت. دەمانەوێت دەوڵەت و ئایین لەیەک جودا بن و ئایین دەست نەخاتەکاروباری دەوڵەتەوە، یان بەپێچەوانەوە. هیچ یاسایەک نابێت بگەڕێتەوە سەر ئایین یان پشت بەئایین ببەستێت:.*

هێرش عەلیزادە

بەشی پێوەندیەکانی پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەلات)

٢٠٠٨/٨/١٠